ئیسرائیل دوو شانەی حزبوڵای کردە ئامانج کە پلانیان دانابوو موشەک بە ئیسرائیل هەڵبدەن



سوپای ئیسرائیل دوو شانەی حزبوڵای لوبنانی کردە ئامانج کە پلانیان دانابوو موشەکی دژە تانک و موشەک بە ئیسرائیل هەڵبدەن.

سوپای ئیسرائیل دەڵێت کە شانەیەک لە نزیک شارچکەی ماتات-ی ئیسرائیل جەگیرکرابوون و شانەکەی دیکەش لە باکووری ناوچەی کەڵگەکانی شەبدایە لە باشووری لوبنان و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم گرووپانە پێش ئەوەی تەقە و مووشەک بەرەو ئیسرائیل هەڵبدەن مووشەک باران کران.

لەلایەکی ترەوە، ئاژانسی هەواڵی نیشتمانی لوبنان ڕایگەیاند کە فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل هەرشیان کردەتە سەر دەوروبەری باشوری شارچکەی ئیترەن و خەڵکی دەوروبەری ناوچەکە گوێیان لە دەنگی مووشەک بووە.